# یاسای
# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
# کوردستان

یاسای ژمارە (40)ی ساڵی 2004

یاسای یەکەم هەموارکردنی

یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (1998)ی

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

2010

لەبڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر
0750 445 9848

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بەناوی گەلەوە
## ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق

**ژمارەی دەرهێنان: ٤٠**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١٠/٦**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١) ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجوومەن لە دانیشتنی ژمارە (٤٩)ی رۆژی (٢٠٠٤/١٠/٥)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحیاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای یەکەم هەموارکردنی
## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی سەندیکای رۆژنامەوانان

### فەسڵی یەکەم
### (دامەزراندن و ئامانجەکان)

**ماددەی یەکەم:**

پێناسەکان:
ئەم گوزارشتانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ئەو مانایانە دەبەخشن کە لە بەرامبەریانەوە داندراون:

أ. سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.
ب. ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.
ج. نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.
د. رۆژنامەوان: هەر کەسێ کاری رۆژنامەوانی بکاو، ئینتیمای سەندیکاکەی کردبێ و ئیلتیزامی خۆی بەجێ هێنابێ.
هـ. رۆژنامە (صحيفة): ئەو چاپکراوەیە کە لەژێر ناوێکی دیاریکراودا و بە زنجیرە ژمارەیەکی رێکوپێک، خولاوخول دەردەچێت و ئامادە دەکرێ بۆ بڵاوکردنەوە لەناوجەماوەردا.
و. تۆمار: ئەو تۆمارەی کە پێش وەخت ئامادە دەکرێ بۆ تۆمارکردنی ناوی رۆژنامەنووس و تێکڕای ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بە پیشەکەیانەوە هەیە.



**ماددەی دووەم:**
(بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایێ بۆ رۆژنامەوانان ساز دەدرێ، پێی دەڵێن سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق و، بارەگا سەرەکییەکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆیشی هەیە لق لە پارێزگاکان و لە بەغدای پایتەختی عێراقی فیدراڵی بکاتەوە).

**ماددەی سێیەم:**
سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان رێکخراوێکی پیشەییەو، شەخسییەتی مەعنەویی سەربەخۆی خۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**
سەندیکا، بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە تێدەکۆشێ:
١. رێزگرتن و داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەوانی و ئازادیی رادەربڕین، هەروەها داکۆکی لە مافی رۆژنامەوانان و زامنکردنی پاراستنیان لە بەجێ هێنانی ئەرک و فرمانیاندا.
٢. ئەرکی دەستکەوتنی دەنگوباس و زانیارییەکانیان بۆ ئاسان بکا.
٣. وەرگرتنی سەندیکاکە لە یەکێتیگەلی رۆژنامەگەریی جیهانی و ئیقلیمیدا، هەروەها هەڵبەستنی پێڵ و پێوەندی لەگەڵیاندا.
٤. قالکردنی رۆژنامەوانان بە هەموو شێوازێ بلوێ و بکرێ.
٥. پشتیوانی و لایەنگرتن لە رۆژنامەوانان لە حاڵەتی زەروردا.
٦. بەرجەستەکردنی رژێمی فیدراڵی، یان هەر شتێکی دی کە گەلی کوردستان خۆی بە دڵی بێ.
٧. داکۆکی کردن لە بنەماکانی دیموکراسی و، ئازادییە بنەڕەتەکان و، ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.
٨. پشتیوانی لە خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی وەدیهێنانی

مافـه نەتەوەییەکانی خۆی و، رەواج پێدانـی بنەمای لێبوردەیی و بـی زەبروزەنگی لـه کۆمەڵگەداو، داکوتانـی رەگی برابوونی نەتەوەیی و ئایینی و یەکسانی له هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
٩. بەشـداری کـردن لـه بنیادنانـی دەوڵەتـی دەزگاکاری و، بەهێزکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
١٠. پاراستنی سەروەرێتیی یاساو سەربەخۆیی دادوەری.
١١. پاراسـتن و بەرەو چاکتر گۆڕینی رۆشـنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی.

**فەسڵی دووەم**

**(پێکهاتەو ئەندامیەتی)**

**ماددەی پێنجەم:**

سـەندیکا لەسـەر داواکارییـەک پێکدێت کە پێشـکەش بەلایەنی تایبەتمەنـد دەکـرێ، لەلایـەن ئەوانەوە کە ئەم پیشـەیە ئەنجام دەدن، کە نابێ لە (١٥) پازدە رۆژنامەنووس کەمتربن.

**ماددەی شەشەم:**

رۆژنامەوانان له سجلی گشتیی سەندیکادا دەکرێن بە سێ پۆل:

یەکـەم: رۆژنامەوانـی بەرمەشـق: ئـەو کەسـەیە کە هەرسـێ کەناڵەکـەی رۆژنامەگەریـی کـردووە بـە پیشـەی سـەرەکیی خۆی. تا دوو سـاڵی لەسـەر یەکیـش بەسـەر پیادەکردنی ئەم پیشـەیەیدا تێنەپەڕێ و ناویشی لە سجلی گشتیدا تۆمار نەکرێ و لـەو لایەنەوەش کە ئیشـی تێدا دەکا تەئییـد نەکرێ، نازناوی (رۆژنامەوانی کارا)ی پێ نابەخشـرێ و هیـچ ئیمتیازێکی وەک ئیمتیازەکانـی رۆژنامەوانـی کارای پێ نادرێ تـا ئەوکاتەی کە



نـاوی خـۆی دەگوازێتەوە بۆ ناو لیسـتی ئەو پۆلـە، جا، ئەوجا ماوەی مەشـقەکەی دەخرێتە سـەر ماوەی خزمەتەکەی. ماوەی پلەکارییش بۆ کەسێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە رۆژنامەگەری و راگەیانـدن یـان لەهاوتاکانـی ئـەو بڕوانامەیـەدا هەبێ، یەک ساڵە.

دووەم: رۆژنامەوانی کارا: ئەو کەسەیە، کە بەرەفتار لە هەرسێ کەناڵەکانـی رۆژنامەگەریدا، دوو سـاڵ کاری کردووە، یان دوو سـاڵە کاری تێدا دەکات و کردوونی بە پیشەی سەرەکیی خۆی و. ئـەو ماوەیـەش کـە لە بڕگـەی یەکەمدا دیار کراوە بەسـەر ئیشەکەیدا تێپەڕبووە.

سێیەم: رۆژنامەوانی هاوپشک: ئەو کەسـەیە کە ئیش و کاری رۆژنامەوانی دەکا، بەڵام نەیکردووە بە پیشەی سەرەکیی خۆی و، بەڵگەی ئەوەشـی گرێبەستێکەلیکە کە لایەنە پێوەندیدارەکان بۆی دەسەلمێنن. مافی ئەوەشی هەیە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک کە لە پێنج ساڵی لەسەریەک کەمتر نەبێ ناوی خۆی بگوازێتەوە بۆ سجلی گشتی رۆژنامەوانان و، پیشەی رۆژنامەگەرییەکەشی بکات بە پیشەی هەمیشەیی خۆی.

**ماددەی حەوتەم:**

سەندیکا لەمانە پێک دێ:
١. هەیئە (دەستە)ی گشتیی.
٢. نەقیب.
٣. لیژنەی زەپتی.
٤. لیژنەی ریقابە.
٥.لقەکانی سەندیکا.

**ماددەی هەشتەم:**

**ئەمانەی خوارەوە ئەو مەرجانەن بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام لە سەندیکادا:**

١. دەبێ هاوولاتی هەرێمی کوردستان بێت یان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بێت.

٢. دەبێ ئەهلییەتی پیشەیی و یاسایی هەبێت.

٣. بەجینایەتێ یان بە جونحەیەکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

٤. دەبێ عینوانی لە عینوانە ڕۆژنامەگەرییەکانی ماددەی (٢٣)ی هەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

**بە ئەندامبوونی سەندیکا بەم جۆرە دەبێ:**

١. داوایەک، بە نووسین پێشکەش بکا بە ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەو مادده ڕۆژنامەوانیانەی لەگەڵدابێ کە خۆی بڵاوی کردوونەوە یان هەرشتێکی دی گەواهی ئەوە بدات کە ئیشی ڕۆژنامەوانی کردووە، ئەنجوومەنیش پێویستە لەماوەی سێ ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی تۆمارکردنی داواکەیەوە دەست پێ دەکا، سەیری داواکەی بکاو یەکلای بکاتەوە. خۆ ئەگەر هات و ماوەکەش تێپەڕی و هێشتا داواکەش بە بنبڕی سەیر نەکرابوو، ئەوە، لەو بارەدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە قبوڵکراو لەقەڵەم دەدرێ.

٢-ئەگەر داواکە قبوڵ نەکرا، لایەنی پێوەندیدار پێویستە هۆی قبوڵ نەکردنەکەی پیشان بدات، داواکارەکەش بۆی هەیە، لەماوەی پازدە ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکات، یان بە تەبلیغ کراو دادەنرێ، لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق تانە لە بڕیاری قبوڵنەکردنەکە بدات، ئیدی بڕیاری تەمییز بنبڕە.



## فەسڵی سێیەم
## (دەستەی گشتی)

ماددەی دەیەم:

١. دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتە لە سەندیکاکەداو، هەموو ئەو ڕۆژنامەوانە کارا مونتەسیبانە دەگرێتەوە کە ئیلتیزاماتی خۆیان بە پێودانگی ئەم یاسایە بەجێ هێناوە.

٢. دەستەی گشتی، کۆنگرەی خۆی، لە بارەگاکەی خۆیدا سێ ساڵ جارێک کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەیەوە دەست پێدەکات بە بڕیاری ئەنجوومەن و لەسەر داوای نەقیب دەبەستری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەندیکاو سێ ئەندامی یەدەگ و هەردوو لیژنەی زەپتی و ڕیقابە بە دەنگدانی نهێنی.

(نصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامانی هەیئەی گشتی دێتەجێ.

لە حاڵەتێکیشدا (نصاب) نەهاتەجێ، ئەوە لەو بارەدا هەڵبژاردن پاش پازدە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و لە هەمان جێگەدا ئەنجام دەدرێ، جا ئەو (نصاب)ە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکان دێتەجێ و، دوو سێیەکی ئەندامانی سەندیکاکەش بۆیان هەیە، لەکاتی پێویستدا داوای کۆنگرە بەستن بکەن.

٣. لەبارێکدا، ئەگەر ژمارەی ئەندامانی هەیئەکە (دەستەکە) لە پێنج سەد ئەندام پتر بوون، ئەوە لەو بارەدا، هەڵبژاردن لە ڕێگای مەندووبەکانەوە (نوێنەرەکانەوە) ئەنجام دەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لەلایەن ئەنجوومەنەوە، یان لەلایەن جێگری ئەنجوومەنەکەوە دیاردەکرێ بە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاشەوە.

٤. هەیئەی گشتی، بەدەنگی دوو سێیەکی ئامادەبووان، مافی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاکەی هەیە.

## (ئەرکەکانی دەستەی گشتی)

**مادده یازدەیەم:**
هەیئەی گشتی، هەر سێ ساڵ جارێک بە ئامادەبوونی ئەندامەکانی لە کۆنگرەیەکدا کۆ دەبێتەوە و، بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەردەهێنێ و، گفتوگۆ لەسەر راپۆرتگەل و کاروباری سەندیکاو حساب و حسابکاری دەکاو راسپاردەی خۆیشی لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات.

**ماددەی دوازدەیەم:**
١. مەرجە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، بە نەقیبیشەوە، سێ ساڵ بەسەر وەرگرتنی پلەی ئەندامی کاراییاندا تێپەڕیبێت.
٢. ناشێ، ئەندامێتی، لەو لیژنانەدا کە هەیئەی گشتی هەڵیبژاردوون، پێکەوە کۆبکرێنەوە.

**ماددەی سیازدەیەم:**
**ئەنجوومەنی سەندیکا**
١- ئەنجوومەن بە نەقیب و بریکار و سکرتێرەوە لە نۆ ئەندام پێک دێت.
٢- ئەنجوومەنی سەندیکا تایبەتمەندە بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و هەر چ ئەرکێکی تر کە پێی بسپێردرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**
١. نەقیب راستەوخۆ لەلایەن هەیئەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت، ناشێ بۆ زیاتر لە دوو خولی دوابەدوای یەک خۆی بۆ پلەی نەقیب بپاڵێوێ.



٢. نەقیب ناشێ سەرۆکایەتی دوو کۆمەڵەی هاوشێوە لە ئامانج و مەبەستدا وەربگرێ.

**ماددەی پازدەیەم:**
١. لیژنەی ریقابە: لە سەرۆکێک و دوو ئەندام پێک دێت، ئیشیشی ئەوەیە تەدقیقی خەسڵەتی ئەندامێتی بکاو، بزانێ تا چەند لەگەڵ شەرت و شرووتی یاساییدا یەک دەگرێتەوە.
٢. لیژنەی زەبتی: لە سەرۆکێک و دوو ئەندام پێک دێت، ئیشیشی ئەوەیە لەو شکات و سکالایانە بپێچێتەوە کە لە ئەنجوومەنەوە بۆی هەواڵە دەکرێ، تا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یەکلاییان بکاتەوە.

**ماددەی شازدەیەم:**
لقەکانی سەندیکا:
١. سەندیکا بۆی هەیە لە پارێزگاکاندا لق بکاتەوە. لیژنەی لق لە پێنج ئەندام پێک دێت، ئەندامانی لق، لەو رۆژنامەوانە کاراییانەی لە پارێزگاکەدا بە پیشەی رۆژنامەگەرییەوە خەریکن هەڵیاندەبژێرن.
٢. کۆبوونەوەی لیژنەی لقەکان و هەڵبژاردنەکانیان، هەمان شێوەی تایبەت بە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەبێ.
٣. دەسەڵاتەکانی لیژنەی لق لەپەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت.

**ماددەی حەڤدەیەم:**
ئەگەر ئەندامی ئەنجوومەن مەرجە پێویستیەکانی هەڵبژاردنی لەدەست داو لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەکدا (غائب) بوو بەدەست لەکارکێشراوە (مستقیل) دادەندرێ و ئەندامی

یەدەگ (احتیاط) کە زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە جێگای دەگرێتەوە.

ماددەی هەژدەیەم:
نەقیب سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا دەکا لە لای سەرچاوە تایبەتمەندەکان و ئەمر و بڕیار و ڕێنمایی و نووسراوەکان ئیمزا دەکاو مافی ئەوەی هەیە کە هەندێ دەسەڵات بەغەیری خۆی لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا بسپێرێ.

## فەسلی چوارەم
## (ماف و پابەندییەکان)

یەکەم: مافەکان
ماددەی نۆزدەیەم:
١. ڕۆژنامەنووس مامەڵەی کارمەندی لەگەڵدا دەکرێ لەلایەنی مۆڵەت پێدانی ئاسایی و نەخۆشییەوە.
٢. لەکاتی دامەزرانی لە هەر فەرمانێکدا، ماوەی کارکردنی لە ڕۆژنامەنووسیدا بۆ سەر مووچە (علاوە) و بەرزکردنەوەو خانەنشینی دەخرێتە سەر ئیشەکەی.
٣. لەکاتی کارکردندا ئەگەر تووشی پێشهاتێک (اصابە)یەک بوو پێویستە ئەو لایەنەی کە کاری بۆ دەکا هاریکاری پێویستی بکا ئەمەش پەیوەندی بە مافی خانەنشینییەوە نییە.
٤. ڕۆژنامەوانی، بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی هەرێم خانەنشین کرابێ، دەشێ لەڕێگای گرێبەستی کارەوە لەدام و دەزگای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ئیش بکات بەرەچاوکردنی ئیمتیازەکانی ڕۆژنامەوانی کارا.



**٥. پێویستە خەبەری سەندیکا بدرێ لەکاتی شکایەت کردن کە لە دژی ڕۆژنامەنووس پێشکەش بکرێ، و لەکاتی تاوانی بیندراودا نەبێ و نابێ ڕۆژنامەنووس پرسیار و وەڵام و توێژینەوەی لەگەڵ بکرێ بە تاوانێک کە دراوەتە پاڵی و پەیوەندیدارە بە ئەنجامدانی کارەکەیەوە هەیە تا سەندیکا ئاگادار نەکرێت.**
**٦. ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدان یان بەهۆی کارەکەیەوە ئەو سزایە دەدرێ کە بۆ ئەو کەسە داندراوە کە دەست درێژی دەکاتە سەر کارمەندی گشتی لە کاتی ئەنجامدانی فەرمان یان بەهۆی فەرمانەوە.**
**٧. ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەهۆی یان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی دەمرێ، بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەن بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ نازناوی ئەندامی (شەرەف)ی لە سەندیکادا پێ دەدرێ.**

**دووەم: پابەندییەکان**
**ماددەی بیستەم:**
**نابێ ڕۆژنامەنووس ئەم کارانە بکات:**
**١. ئەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە، یان دادگاکان گرتوویانەتە ئەستۆ کە کار دەکاتە سەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن.**
**٢. ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لە سەندیکادا بەپێی ئەم یاسایە.**
**٣. بەکارهێنانی هەر هۆیەک یان ڕێگەیەک بە مەبەستی قازانجی نارەوا.**
**٤. وەرگرتنی پیتاک بەبێ ڕەزامەندی ئەنجوومەن.**
**٥. ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یان هەڕەشەکردن لە هاونیشتمانییان بەهەر ڕێگاو شێوەیەک بێ لە شێوازەکانی ڕۆژنامەنووسیی.**

٦. بڕوا لەقکردن بە سیستەمی فیدراڵی و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و مافی چارەی خۆنووسین و ئاسایشی هاووڵاتیان بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان لابەلاو، وروژاندنی غەریزەی جاماوەر، سا بەهەر ڕێگایەک دەبێ، بێ.
٧. قوستنەوەی وشەی نووسراو یان نێردراو قوستنەوەیەکی (تایبەتی) بۆ سوودی تایبەتی و زیان بەخش بێ بەخەڵکی تر، یان خۆ لە خەڵک گۆڕین (انتحال صفه) یان هەڵگرتنی فیکرەیەک و زەرەر گەیاندن بە ڕەوشت و نیزامی گشتی.
٨. بەهەڵە بردنی جەماوەر بە زانیاری نادروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، بەجۆرێک دوور بێ لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان.
٩. وەرگرتن و هەڵێنجان (اقتباس) لە بەرهەمی کەسانی تر بەبێ ئاماژەکردن بۆ خاوەنەکەی یان سەرچاوەکەی.
١٠. قوستنەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی بۆ تانە لێدان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزی و ڕێورەسمە ئایینی و نیشتیمانییەکان.

## فەسڵی پێنجەم
## (ئیجراکارییەکانی بەڕێوەبردن)

**ماددەی بیست و یەکەم:**

یەکەم: هەر ڕۆژنامەنووسێک وازی لە ئەرکێک لە ئەرکەکانی پیشەکەی خۆی هێنا، یان کارێکی وای کرد کە لە نرخی ئەو پیشەیەی دابەزاند، یان کارێکی کرد کەرامەتی لەکەدارکرد یان بەڵگەنامەیەک (مستند)ێکی نادروستی پێشکەشی بە سەندیکا کرد یان سەرپێچی بە یەکێک لەم سزایانەی خوارەوە سزای



(تأدیب)ی لەلایەن لیژنەی بەرزەفت کردن پێ دەدرێت بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لە یاسای بەرزەفتی کار پێ کراوی دەوڵەتی دەقبەندییان لەسەر کراوە:
١. وریا کردنەوە (التنبیه): بە نووسراوێک دەبێ کە ئاراستەی ڕۆژنامەنووس دەکرێ و سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشرێ کە لێی ڕووداوەو داوای لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا ڕوونەداتەوە.
٢. ئینزار (الانذار): لەکاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی دیاری کراو لە برگە (١) لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە ئینزاری پێدەدرێ کە جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە.
٣. نەهێشتنی ئەنجامدانی پیشەکەی بۆ ماوەیەک کە لەیەک ساڵ تێنەپەڕێ.
٤. دەرکردنی کاتی: ناوی لە تۆماری گشتی دەسڕێتەوەو، تا دوو ساڵی بەسەردا تێ نەپەڕێ جارێکی دیکە نابێ ناوی تۆمار بکرێتەوە.

دووەم: سزاکانی سەرەوە لەدوای ڕاستاندنی (مصادقە)ی ئەنجوومەنی سەندیکا نەبێ دەرهەق بە ڕۆژنامەنووس جێبەجێ ناکرێن.

سێیەم: ڕۆژنامەوانێ سزا درابێ، مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی سێ ڕۆژدا -کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا- لەبەردەمی دادگای تەمییزدا تانە لە بڕیارەکانی قەدەغەکردن و دەرکردن بدات کە ئەنجوومەنی سەندیکا دەری هێناون. سزاش ناخرێتە بەر کار تا نەگاتە پلەی یەکلابوونەوەو بنبڕێ.
چوارەم: ئەگەر ئەندامەکە حوکمی دوماهی (نهائی) بەسەردا درا، سەبارەت بە سزایەک کۆتبەندی بۆ ئازادی دابنێ و وەک کەتنێک (جنحە)، یان تاوانێکی ناسیاسی، ئەوا ناوی لە سەندیکا

دەسڕێتەوە.
پێنجەم: لە حاڵەتی حوکم بەسەردادانیدا بە کەتنێک کووکە (جنحە)، یان تاوانێکی شەرەف لەکەدارکەر، ئەوا ناوی لە تۆماری گشتی لادەبردرێ و نابێ جارێکی تر تۆمار بکرێتەوە.

## فەسڵی شەشەم
## (دارایی سەندیکا)

**ماددەی بیست و دووەم:**
یەکەم: دارایی سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:
١. رەسمی ئەندامییەتی.
٢. پارەی ئابوونەی ساڵانە.
٣. پێ بەخشینەکانی حکومەتی هەرێم.
٤. دەسکەوتی ئاهەنگ و پێتاکە گشتییانەی سەندیکا بەگوێرەی یاسای پێڕەوکراو ئەنجامییان دەدات.
٥. قازانجی ئەو پرۆژانەی سەندیکا ئەنجامییان دەدات.
٦. داهاتی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧. باربوو و بەخششی ئەندامان یان خەڵکی دیکە بە مەرجێک کار لە رێڕەوی سەندیکا نەکات و لایەنە تایبەتمەندەکانیش لەم کارە ئاگاداربکرێتەوە.
دووەم: ئوسولی ژمێریاری گشتی بەسەر دارایی سەندیکادا پیادە دەکرێ.
سێیەم: رەسمی ئەندامێتی ئابوونە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێ.



## فەسڵی حەوتەم
## (حوکمە دوماهییەکان)

**ناونیشانەکانی رۆژنامەنووس**

**ماددەی بیست و سێیەم:**
رۆژنامەوان ئەو کەسەیە کە یەکێ لەم عینوانانەی خوارەوەی هەیە:
١. خاوەن ئیمتیاز
٢. سەرنووسەر
٣. جێگری سەرنووسەر
٤. بەڕێوەبەری نووسین
٥. سکرتێری نووسین
٦. نووسەر
٧. وەرگێڕی رۆژنامەوانی
٨. پەیامنێری رۆژنامەگەری
٩. وێنەگری رۆژنامەگەریی
١٠. شێوەکار و (کاریکاتێرکار)ی رۆژنامەگەریی
١١. تەصمیمکاری رۆژنامە
١٢. هەڵەچنی رۆژنامە
١٣. رێکخەری ئەرشیفی رۆژنامەگەری
١٤. ژنەفتکاری رۆژنامەوانی (منصت صحفی).

**ماددەی بیست و چوارەم:**
سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆی هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێڕوی ناوخۆ دەربکات.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست و شەشەم:**
وەزیـــرە تایبەتمەندەکان دەبێ حوکمەکانی ئەم یاســایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.کەمال عەبدولکەریم فوئاد**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان-عێراق**

**هۆکاری پێویست**

ڕۆژنامەنووسی بەزمان حاڵی هەر گەلێک لە گەلان دادەنرێت و دیاردەیەکــی ژیارییە و ڕۆڵێکــی بنیاتنەرانەی لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا هەیە و پارێزگاریکەریەتی (صمام الامان لە).

جـا بـۆ ئـەوەی توانـای ئـەوەی پـێ بـدرێ ڕۆڵـی خۆی بەشێوەیەکی باشتر ببینێ بۆ پشتیوانی کردنی (پشتگیری کردنی) خەباتی گەلی کوردســتان لە پێناو هێنانەدی ئامانجە نەتەوایەتی و نیشــتمانییەکانی و بەرگــری کردن لە ئازادییــە بنەڕەتییەکان و بنەمــای مافی مــرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکــە بە پەیامێکی مێژوویــی دادەنرێ و کادیــری ڕۆژنامەنووســیی لێهاتوو نەبێ ناتوانــدرێ ئەنجــام بــدرێ و لەکاتێکدا ئێمە کــە لەبەردەم یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەوەستین کە دەکاتە ڕێکەوتی (٢٢)ی نیسانی ١٩٩٨ ئەم یاسایە داندرا.